# بەیانی ڕۆژنامەوانی

ساڵێك لەمەوبەر چەندین هاوڕێ و كادیری بەئەمەكی حیزب لەپێناوی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای حیزب و پاراستنی مێژوی پڕسەروەری شیوعی‌یەكان ، لە هەڵوێستێكی‌مەبدەئیانەدا دەستیان خستە سەر كەموكوڕییە سیاسی و فیكری و تەنزیمییەكان لەڕیزەكانی حیزب بە مەبەستی‌چارەسەركردن و بەجەماوەركردنی حیزب و دەركردنی‌لەو قەیران وئاستەنگی‌یانەی دووچاری هاتووە ، بەڵام لەوەڵامی‌ئەم هەڵوێستەدا گیانی‌بیرۆكراتیەتی دەستەیەكی بڕیاردەری ناو سەركردایەتی سەركوتێكی حیزبی تەسكی گرتەبەر و قایل نەبوون بە ڕێگەیەكی دیموكراتی و بە كۆششی هەمەلایەنە بە پێشوازی ئەو تەنگژانەوە بچن و بۆ ئەمەش دەستیان دایە پڕوپاگەندە و چەواشەكاری دەرهەق بە هاوڕێیانی ( كۆڕی تێكۆشان ) كە لە پێناوی چاكسازی حیزبی شیوعی كوردستاندا تێدەكۆشان .

دوای تاقیكردنەوەی هەموو ڕێگاكانی گفتوگۆ و گوێگرتن لەدڵسۆزانی حیزب ، دەركەوت دەستەی بڕیاردەری سەركردایەتی دەیانەوی بەڕە لەژێر پێی ئەو هاوڕێیانەدا ڕابكێشن و توشی سارد بونەوەیان بكەن ئەمەش بە ڕاشكاوی لە كۆنگرەی سێیەمی ئەو تاقمەو ئاكامەكانی‌دا دیارە و لەدوای ئەوەشەوە لەسەر ڕێگەی نامەبدەئی خۆیان بەردەوامن و دەیانەوێ ئەسپی لەڕی خۆیان لە مەیدانی تۆزاویدا تاو بدەن و مەبەستیان نییە حیزب لەو قەیرانانە دەرباز بكەن چونكە ئەمە لەبەرژەوەندی خودی خۆیاندا نییە ، بۆیە لەدوا كۆبونەوەی ئەمجارەدا لە 2 / 7 / 2004 بە هاودەنگی سەرجەم هاوڕێیان بڕیاردرا لیژنەیەكی ئامادەكاری پێك بهێنرێت لەپێناوی بنیاتنانەوەی حیزبی شیوعی كوردستان بە شێوازێكی نوێ ترو پوختەتر .

حیزبی شیوعی كوردستان ـ باشور دەبێتە سەكۆی هەموو شیوعییەكان و چەپەكانی كوردستان ، داوا لە سەرجەم هاوڕێیانی دڵسۆز و كەسان و گروپی چەپ و پێشكەوتووخواز دەكەین بە هەمەهەنگی لەپێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا تێكۆشین تا چیتر ڕێگە نەدرێ سازشكاری بە مەسەلەپیرۆزەكانەوە بكرێت .

سەركەوتن بۆ ڕاستییە .

شەكاوە بێت ئاڵای ماركسیزم ـ لینینزم

***لیژنەی ئامادەكاری حیزبی شیوعی***

***كوردستان ـ باشور***

2004 / 7/ 2

www.kurdistanset.org